www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15-2-2007 16:37

# جامی مەی ... کەژاڵ ئیبراهیم خدر

Kazhal_3@hotmail. com



1

ڕێگای چاوت
کانی چاوم ئەشڵەقێنی
جامی مەیم
بۆپڕئەکا لە ئەسرین و
یا هەمووم پی ئەنۆشی
یا لەناوبا ئەمهەژێنی
2
لە سەفەری ئەم جارەمدا
بڕیار ئەدەم
پڕاو پڕپڕیاسکەکەم
مووروی جوان و
ملوانکەی ڕەنگاو ڕەنگ ببینم
تا بەبیانووی ئەوانەوە
بۆساتێك بی
باڵندەی حەزە شێتەکەم
لە سینەتا بخەوێنم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.